# بۆ ئەوەی مامۆستاش خۆپیشاندان نەکات

فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

کوردستان لەبەر خۆپیشاندەران و تەقەی دەسەڵات جمەی دێت. توندوتیژی جەماوەرو تەقەی دەسەڵات نەچارەسەری گرفتەکان دەکەن و نەجێگەی قبوڵیشن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە چارەسەرەکانی دەسەڵات بۆ هەندێ گرفت هانی خەڵک دەدات کەکاری توندوتیژی پیادە بکەن. بۆ نموونە خەڵکی هەڵەبجە چەندین ساڵە بەشێنەیی داواکارییەکانیان پێشکەش کردووە بەبێ ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەڵام لەدوای سوتانی مۆنۆمێنەتەکەوە خێرایان رژایە سەر. لەکەرکووک و هەندێ جێگەی دیکەش دوای سوتانی بەنزینخانەو شوێنی دیکە یەکسەر بەرپرسەکان ئاوریان لێدانەوە. ئەم شێوە چارەسەر ئیحای ئەوە دەداتە خەڵک کەتا شت نەسوتێنن داواکارییەکانیان جێبەجێ ناکرێن. بۆیە زۆر گرینگە بەر لەوەی خەڵک خۆپیشاندان بکەن ئاوریان لێبدرێتەوە.

دوێنێ بەرێز مەسعود بارزانی داوای ئەوەی لەخەڵک کرد لەبری ئەو بشێویە دەتوانن داواکارییەکانی خۆیان بەشێنەیی پێشکەش بکەن. توێژی مامۆستایان تاوەکو ئێستا لەبەر پەرتەوازەبوونی خۆیان بێت یا لەبەر فشارهێنانی سەندیکاو یەکێتێکانیانەوە بێت ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەیان نەکردووە، بەڵام هەڕەشەی ئەوەش کەبیکەن. مامۆستاکان ماوەیەکی زۆرە داواکانی خۆیان پێشکەش کردووەو هەمیشە لەدەست کەمدەرامەتی موچەکانیان و بارودۆخی خراپی تایبەتی خۆیان و قوتابخانەکانیان سکاڵا دەکەن بەبێ ئەوەی دەسەڵات بریارێک لەم بارەیەوە بدات. لەم رۆژانەدا بەرێز وەزیری پەروەردە ئەوەی ئاشکراکرد کەبۆ زیادکردنی موچەی مامۆستایان چرای سەوزیان بۆ هەڵکراوە. هیوادارم بەهۆی ئەم ئەم چرا سەوزەوە مامۆستاکان چیتر پێویستیان بەخۆپیشاندان نەبێت و وەزیری پەروەردەش خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆخۆی تۆمار بکات. من لێرەدا ناچمە سەرئەوەی ئایا ئەو چرا سەوزە هەڵدەکرێت یا نا، بەڵکو لەسەر کاریگەرییەکانی بڕیارێکی لەم بابەتە رادەوەستم.

من پێم باشە موچەی مامۆستایان و هەلومەرجی کارکردنی ئەوان لەقوتابخانەکاندا بەشێوەیەک باش بکرێتەوە کەلەمەو دوا خەڵک هەوڵێکی زۆر بدات بۆ ئەوەی لەکۆلێژو پەیمانگای مامۆستایان وەربگیرێت. بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی مامۆستایان

بەشێوەیەکی گشتی هەندێ کاریگەری ئەرێنی دێنێتەوە ئاراوە. من پێم وانیە مامۆستا ئەگەر موچەیەکی باشی هەبێت لەدوای قوتابخانەوە چەندین کاتژمێر خۆی بەووتنەوەی وانەی تایبەتەوە خەریک بکات. بۆ بەیانیش دەبێ ئەم مامۆستایە چەند تاقەتی وانەووتنەوەی لەقوتابخانەدا هەبێت. بەدەر لەمەش بەشێکیان خەریکی نووسینەوەی مەلزەمەو شتی دیکەن بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان خێزانەکانیان بەشێوەیەکی باش گوزەران بکەن و پێداویستی منالەکانیان دابین بکەن. چ ئەوانەی ئەوا زیاد لەپێویست ماندوو دەبن و تاقەتی قوتابخانەیان نامێنێ و چ ئەوانەی دیکەش کەلەبەر بێپارەیی تاقەتی قوتابخانەیان نیە بەشێوەیەکی بێسنور ماندون. چۆن دەسەلات دەیەوێت نەوەی نوێ بەو کادیرە ماندوانە پەروەردە بکات؟ دواتر مامۆستاکان بەهیچ شێوەیەک مەجبوری ئەوە نین بەو موچەیە ئەو کارە قورسە بکەن. بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی دەبێتە هۆکارێک بۆ ئاسودەیی ویژدان و پشودانی لەش و مێشک. مامۆستا لەهەموو یەکێکی دی پێویستی بەو ئاسودەییە هەیە بۆ ئەوەی رۆژی داهاتوو بتوانێ کار بکات و گرفتی جۆراوجۆری خوێندکارەکانی چارەسەر بکات. دەبێ وەزارەتی دارایش ئەوە بزانێت کەبەشێک لەموچەی مامۆستاکان هەلاوسانی ئابوری قوتی دەدات و هەموو ئەو برە پارەیەی زیاد دەکرێت ناچێتە گیرفانی ئەوانەوە.

یەکێک لەبەرێوبەرەکان ئەمەی خوارەوەی پێ راگەیاندم ((مامۆستاکان لەقوتابخانەو مالەوەش ماندوون: حەشامەتێک لەخوێندکار لەیەک پۆدا کۆکۆاونەتەوە، هەزارو یەک گرفتیان هەیەو نارەحەتن و لەمالەوە بەباشی پەروەردە ناکرێن. لەمالەوەش خێزان و منالی مامۆستا هەزارو یەک بۆلەبۆلێ دەکەن چونکە پێداویستێکانیان دابین ناکرێت، ئەمە جگە لەگرفتی خانوو، ئاو، کارەبا .. هتد.))

سەرجەمی ئەم گرفتانە وا لەمامۆستا دەکات بەبەردەوامی ماندوو بێت، تورە بێت، مەوداکانی بیرکردنەوەی تەسک بێت، توانای داهێنانی کەم بێت، بەلێدان چارەسەری گرفتی خوێندکارەکان و خێزانەکەشی خۆشی بکات. لەبەر ئەوە نابێت وەزارەتی پێی سەیر بێت کەلێدان تاوەکو ئێستا لەقوتابخانەکانمان ماوە. ئەو وەزارەتە ناتوانێت فشاری گەورە بخاتە سەر مامۆستایەک کەخاوەنی هەزارو یەک گرفتەو خودی وەزراەت یا ئەنجومەنی وەزیران تاوەکو ئێستا بەفیعلی یارمەتیان نەداوە.

بەدەر لەوەی باشترکردنی موچەی هەموو ئەوانەی لەبواری پەروەردەدا کار دەکەن دەبێتە هۆی دابینکردنی کەشێکی ئارام بۆ مامۆستاو قوتابخانەش، ئەو کاتە وەزارەتی پەروەردەش لەرێگەی پلان و یاساو بەرنامەی تازەوەو دەتوانێت فشاری گەورە بۆ مامۆستاکان بێت بۆ ئەوەی بارودۆخی خوێندکاران چاک بکاتەوە. من پێم وایە هەنگاوی

یەکەمی نوێکردنەوەی سیستمی پەروەردەیی لەباشترکردنی گوزەرانی مامۆستاکانەوە دەست پێدەکات.